# وەڵام بەپرسیارێک     محەمەد غەفور

**مادام ئەو دەستوورە لایەنە جۆراوجۆرە ناکۆکەکان لەسەری هاوڕان و خۆیان نووسیوویانە,کەوایە بۆچی پەسەند کردنی ئارامی لە عێراقدا پێك ناهێنێ؟.**

ئەو هێز ولایەنانەی کەدەستووریان داڕشتووە وئێستاش هەراوهووریایان بۆ دەنگدان لەسەری سازکردووە، خۆیان لەهەڵبژاردنێکی ساختەکارانەوە سەریان دەرهێناوە،وهیچ شەرعیەتێکیان نییە، وبەهیچجۆرێکیش مافی نووسینەوەی دەستووریان نەبووە ونییە. ئەم لایەنانە نەک هەر ئێستا،هیچ کاتێک لەسەر هیچ شتێک بەم دەستوورەشیانەوە ڕێک وهاوڕانەبوون. هەمیشە لەنیزاع وکێشمەکێشدا بوون، ولەژێر گوشاری ئەمریکادا لەسەر مێزی مزاکەرە دانیشتوون وبەتەوافوقاتی پووچ وکاتی گەیشتوون لەسەردابەشکردنی دەسەڵات وداهاتی کۆمەڵگا. ئەم ڕۆژانە بوو کەچەکدارەکانی سەرۆک وەزیران ئیبراهیم جعفری هەڵیانکوتایە سەر کۆشکی سەرکۆمار جلال تاڵەبانی وهێزەکانی ئەمریکا فریاکەوتن وکردیان بەژێرەوە. پێشتریش چەتەکانی صەدر وبەدر کەوتنە وێزەی یەکتر. دوانیزاعیش نارەزایەتی نامە 13 خاڵییەکەی بەرزانی وتاڵەبانی بوو کەبەرزیان کردەوە لەبەرامبەر ملهوڕی وتاکڕەوییەکانی ئەلجعفریدا، و"ئەڵلاهویەعلەم!" چۆن چۆنی سەرقاپیان نایەوە!! بەڵام هەمیشە لەبەرامبەر خەڵک وجەماوەر وماف وخواستەکانیاندا، وەبۆ ووردکردنی ئیرادەی خەباتکارانە وئازادانە وئینسانییان ڕێک وتەبابوون. من بەدڵنیاییەوە ئەم حوکمە دەدەم.

سەرتاپای ئەوەی بەپرۆسەی سیاسی بنیاتنانەوەی بنەمای دەوڵەت وکۆمەڵگاش ناودەبرێت، زەرەیەک قانوونیەتی نیە. چونکە هەم پرۆسەکە وهەم تەواوی ئەو ئەنجومەن ودامەزراو ویاسا وبڕیارانەی پێیگەیشتوون، بەرەنجامی بارودۆخی جەنگی ئەمریکان ولەژێر سایەی داگیرکاریدا پێکهێنراون ودامەزرێنراون، وەبەمپێیەش هیچ قانوونییەتێکیان نییە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە ماناکەی ئەوەیە کەهەر ئەم هێزانە خۆیان ڕاستەوخۆ دەخیل وشەریک وخولقێنەری هەلومەرجی مەئساوی ونائارامی ئێستان، وخۆخەڵەتاندنە ئەگەر کەسێک لەسەر ئەو باوەڕەبێت کەئەمانە ئارامیو ئاسایش دابیندەکەن! هەروەها ئەم دەستوورە بەهۆی ماهییەتی دژی خەڵکی لایەنەکانی پشتییەوە، ئەگەر گاڵتەجاڕی ڕاپرسییان بۆ بچێتەسەر، زەربەیەکی کوشندە دەدات لەئازادی ومەدەنییەت وشارستانییەتی کۆمەڵگا. ئەم هێزانە دەیانەوێ بەڕاپێچکردنی جەماوەری خەڵکی عێراق بۆناو گاڵتەجاڕی ڕیفراندۆم لەسەر دەستوور، لەژێرپەردەی دابینبوونی ماف وخواستەکانی گوایا ئەو قەوم وتائیفە وعەشیرەتانەدا کەئەمان نوێنەرایەتیان دەکەن لەناو دەستووردا،لەڕاپرسییەکی فریوکارانەدا مەشروعییەت بدەن بەبنەما قەومی وئایینی وتائیفییەکانی دەستوورەکەیان، وپاشان بەپشتبەستن هەربەم دەستوورە قەومی- ئیسلامیە فاشیانەیە ناسنامەی هاووڵاتیبوونی خەڵکی عێراق پووچەڵبکەنەوە. بەبڕوای من ئائەمە بنەما وسەرچاوەی نائارامی وهەڵگیرانی ئەمن وئاسایشە.

هێنانەئارای پرۆسەی دەستوور بەگشتی، وسازکردنی دەنگدان لەسەری(تەنانەت بۆشیان گرنگ نییە دەنگدان بەبەڵێ یاخود بەنەخێر، گرنگ ئەوەیە خەڵک ڕاپێچکەنە ناو پرۆسەکەوە وقەڵەباڵغی بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکان موهمە بۆیان!)، خۆلادانە لەم حەقیقەتە ولەهەمان کاتیشدا ڕەسمییەتدانە بەبارودۆخی کارەساتباری ئێستا. بۆیە هەنگاوی یەکەم وسەرەکی لەڕاستای کۆتایی هێنان بەنائارامی وشەڕ وکوشتاری هەمەڕۆژەدا، تێهەڵدانی ئەم دەستوورەیە وڕیسواکردنی ڕاپرسییە لەسەری. یەکێتی وپارتی بەناوی فیدراڵییەکی بێناوەرۆکەوە سەربەخۆیی کوردستانیان هەرزانفرۆشکردووە، وبەپێچەوانەی خواستی خەڵکەوە لەپێناوی بەشی زیاتر لەدەسەڵات وداهاتی عێراقدا، دەستیانخستۆتە ناو دەستی ئیسلامی سیاسییەوە. بۆیە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بەووتنی"نا بۆ دەستوور" و"بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان"، هەنگاوێکی پتەو

بەئاراستەی شکست پێهێنانی دووبارە ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بەعێراقەوە دەچەقێنن. وەکوردستانیش لەڕۆچوون بۆ ناو مەرگەسات و ئاگری جەنگ وتیرۆری هەمەڕۆژەی بەشەکانی تری عێراق دەپارێزن.